# میدیاکانیش هاو بەشی دیاردەی  خۆکوشتنن •

بێریڤان جەمال حەمەسەعید



دیاردەی خۆکوشتنی مێردمنداڵ و گەنج یەکێکە لەو کێشە کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی و کەلتوورییەی  لە توێی ژیانی  ئەمڕۆی کوردستاندارەنگی داوەتەوە.
لێرەوە، بەدواداچوون  بە شوێن هۆکارو کۆکردنەوەی زانیاری و،  گواستنەوەی ئەم هۆکار و زانیارییانەش بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و ، هاوکات  بەستنەوەی دیاردەکەش بە کێشەی کۆمەڵایەتی و کەلتووری کۆمەڵگاوە، هەوڵدانێکە بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارەسەری کێشەکان. ئاشکرایە  ئەم کارەش  لە ئەنجامی لێداون و لێکۆڵینەوەی کێشەکاندا لە ئاستێکی بەرزدا ئەبێت تاوتوێ بکرێت.
لە لایەک،  گرنگیپێدان بە کێشەکە و دەرخستنی ئەم دیاردەیە و باسکردنی،  لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و گۆڤارو ڕۆژنامەکان، خۆی لە خۆیدا بایەخێدانێکە بە کێشەکە و دەکرێ  بەو شێوەیە جۆرە فشارێک دروست بکەن کە ڕێکخراو و دامەزراو  و دەزگا حکومی و ناحکومیەکان گرنگی بە  دیاردەکە بدەن و بە شێوازێک کە  کێشەکان چی تر وەک کێشەیەکی تاکی سەیر نەکرێ، بەڵکو پەیوەستی کەن  بە کەموکووری و گیروگرفتی کۆمەڵگاوە، لە لایەکی ترەوە هەر ئەم بایەخپێدان و بڵاوکردنەوەی زانیاریانەیە  خۆی لە خۆیدا  بەرهەمێنانەوەی کێشەی نوێتر لە ئامێز دەگرێ.
ڕوونتر بڵێین،  لەو کاتەی دیاردەیەک بە زمانی ڕوونو ئاشکراباس دەکرێت و دەخرێتە سەر مانشیتی گۆڤارو ڕۆژنامەکان بەو مەبەستەی دەنگی کێشەکان هەر لە چوارچێوەی دیواردا پەنگنەخاوتەوە و بەڵکو دەنگی خۆی بە جیهانی دەرەوە بگەیەنێت. هاوکات بڵاوکردنەوەی زانیارییەکە کێشەی تر لە گەڵ خۆیدا پەلکێشدەکات.
گەر سەیری گۆڤار ورۆژنامە کوردییەکان بکەین زۆربەی جار زیاد لە دوو سێ هەواڵی خۆکوشتنی دڵتەزێنی  گەنج و مێردمنداڵی تیا بەدی دەکرێ هەندێ جار لە یەکەم پەڕە بە خەتی گەورە دەنوسرێت فلان گەنج خۆی خنکاند، فیسار گەنج خۆی دەرمانخوارد کرد، فلان کچ خۆی سوتاند..هتد ( سەیری ئاوێنە، ژمارە64 ) بکە.
بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تاچ ڕادەیەک ئەم بلاوکردنانەوەیە لە پەرژەوەندی گەنجی کۆمەڵگادایە؟ ئایا کاریگەری نەگەتیفی بۆ سەر ژیانی  گەنجەکانمان نیە؟  بە تایبەتی ئەو گەنجانەی کۆمەڵگای ئێمە کە بێ بەشن لە مافی هەڵبژاردن و بریاردان  و نەک هەر پێویستە سەرەکیەکانی بۆ دابیین نەکراوە بەڵکو هەمو لایەکیان لێ تەلبەندکراوە، کە بە شێوازێک هەندێکیان  لە گۆمی نائومێدی و بیابانی تەنیایی خۆیان دەبیننەوە.
ئایا  کاریگەری بۆ سەر هەستو سۆزی مێردمنداڵ نیە؟ بە تایبەتی کە بە قۆناغێکی ناسک و هەستیاردا تێدەپەڕێت، بە چەشنێک کە مێردمنداڵ بەهوی  گۆرانکاری جەستەو هۆرمۆن و دەرون و و گەشەکردنی، و کاریگەری ئەم گەشەکردنەشە  هەستی جۆراوجۆر لە گەڵ خۆیدا دێنێتە کایەوە، دەمێک دڵتەنگ و بێزارە و زوو زوو هەڵدەچێت ، دەمێکی تر دڵخۆش و بەختیارە، لێرەوە گەر مێردمنداڵێک خۆی لە حاڵەتی هەڵچون و بێزار  بێ و هاوکاتیش بەم هەواڵانە دنەی رۆحی بدرێت، دەشێ پاڵنەرێک یان  هاندەرێک بێ کە ئەویش وەکو ئەو خەڵکە بێ چارەی تر پەنا بەرێتە بەر خۆکوشتن.لە لێکۆڵینەوەیەکی زانستیدا* لە هۆلەندا دەرکەوتوە کە بڵاوکردنەوەی ئەم زانیاریانە لە سەر خۆکوشتن، دیاردەی خۆکوشتن زیاتر دەکات.
هەر بۆیە لە ساڵانی نەوەدەکاندا  کاتێ چەند کارەساتێکی خێزانی دڵتەزێن ڕوویدا، وەزیری داد بریاری دا کە لە ڕێگەی میدیاوە کەمتر ئەم هەواڵانە بڵاوبکرێتەوە.

له مانگی سێ ی ڕابوردووی ئەم ساڵدا دا له شاری هارلەم ، نزیک ئەمستردام کارەساتێکی گەورە ڕوویدا کە خەڵکانی هەژاند. پیاوکی 32 ساڵی، خەسووەکەی دەکوژێ و له پاشانیشدا خۆی و دووکورەکەی تەمەنیان( 4 و 6 ساڵ )ە دەخاتە ژێر شەمەنەفەرەوە، هەفتەیەکیش پێش ئەم ڕووداوە له شاری هەنگەڵۆ، 3 تەرم دەدۆزرێتەوە کە(تەرمی دایکێک و دوو منال) ە، هەروەها له درامایەکی تری خێزانیدا هەر له هەمان ماوەدا له ئەمستردام ژنێکی 30 ساڵ قوربانی بوو.
پرۆفیسۆر ئاد کێرکهۆف له (بواری خۆپاراستن و کوشتن) له لای ڕوون و ئاشکرا نیه کە له نێوان ئەم ڕووداوانەدا پەیوەستێک هەبێ، بەڵام دانبەوەدا دەنێت و ئاماژە دەکات ( ئاکامی – لاسایی کردنەوەی) لەم دیاردەیەدا بەدی دەکرێ. خۆکوشتێنک یەکی تر رادەکێشێت.
بەهۆی ئەم دراما خێزانیانە مانگی ڕابووردو پسپۆرەکانی ئەم بوارە دانیان بەوەدا نا، کە دەبێت ئاگادار بین چ جۆرە هەواڵێک و چۆن بلاوی دەکەینەوە.
ئایا کاتی ئەوەش نەهاتوە کە کەنالەکانی ڕاگەیاندن له کوردستان هۆشیار بن لەو ڕاستییەی کەوا بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە زانیاریانە کاریگەری خراپی بۆ سەر گەنجان هەیە.
تێبینی: له هۆلەندا 180 کەس له ساڵێکدا خۆیان هەڵدەدەنە ژێر قتارەوە،
** سالانە 94 هەزار کەس هەولی خۆکوشتن دەدات، 410 هەزار کەسیش له ژین وەڕستە و ئارەزوی خۆکوشتن دەکات.
Volkskrant 13 maart 2007*
volkskrant 1 maart 2007 **
• ئەم بابەتە لە ئاوێنەدا لە ( 24–4–2007) بلاوکراوەتەوە